# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٧٣ پێنجشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٣ _ ٢٠ی ژوئەنی ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




## خەڵکی کوردستان وەک سەرەکیترین قوربانییانی تێرۆریزمی سپای پاسداران پشتیوانی لە بڕیارەکەی کانادا دەکەن

دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتی کاناداش سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی خستە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە. ئەو بڕیارە کە ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٣ لە بەردەوامیی پێداگریی ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئێرانییەکانی دانیشتووی کانادا و درێژەی شەڕاشۆیی و کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی درا، سەرکەوتنێکی دیکە بۆ هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بەتایبەت بنەماڵە دادخوازەکانی نەتەوەکانی ئێرانە.

هیواداریین یەکیەتیی ئورووپاش بەدەم داوای داخوازییەکانی خەڵکی ئێرانەوە بێت و سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێت. ئەو بڕیارەی کانادا لەلایەن زۆرینەی خەڵکانی ئێرانەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، بەتایبەت لەلایەن نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە قوربانیی زۆرترین تێرۆر و جینایەتەکانی سپای پاسدارانن.

**مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

## بڕیاری درەنگ بەڵام زۆر بەجێی کانادا

# کاڵای بەقەد باڵا بۆ ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران



**کانادا: لە ئێستاوە سپای پاسداران بەڕەسمی بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەناسین**

## بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران وەک داخوازییەکی بزووتنەوەی ژینا

جاستین ترۆدۆ، سەرۆکوەزیرانی کانادا ڕایگەیاند وڵاتەکەی لەمەودا سپای پاسداران بەڕەسمی بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەناسێت. دۆمینیک لوبلانک، وەزیری ئاسایشی نیشتمانیی ئەو وڵاتەش کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە تەواوەتیی خۆیدا بە پشتیوانی تێرۆریزمی دەوڵەتی، پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هۆکاری شەڕ و ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناو بردوە.

دوای وڵاتانی عەرەبستان، بەحرەین و ئەمریکا ئێستا کانادا چوارەمین وڵاتی دنیایە کە بەڕەسمی سپای پاسداران بە ڕێکخراوی تێرۆریستی دەناسێت. لە ڕەوتی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»یشدا پارلمانی ئورووپا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران دا، بەڵام وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا هەتا ئێستا دەنگدان لەسەر ئەم بڕیارەیان دوا خستوە. دەوڵەتی کانادا ڕایگەیاندوە بە پشتبەستن بە بەڵگەی زۆر بەهێز ئەو بڕیارەیان داوە. سپای پاسداران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا سەدان دژبەری سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە تێرۆر کردوە، پیلانی بۆ دەیان تەقینەوە لە وڵات و شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا داڕشتوە و بە میلیشیاسازی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە هۆکاری ناسەقامگیری لەو وڵاتانە بووە و ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەبارمتە گرتوە.

کورد و بزووتنەوەی کورد لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەشی شێری لە تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران پێ براوە و، لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا حیزبی دێموکرات.

کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە حیزبی




دێموکرات لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە لە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوڕای نیزامیی حیزب و سەروان چەڵەبی لە هاوینی ١٣٥٩ دەست پێ دەکا. ئەم ڕەوتە بە درێژایی ساڵانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد درێژەی بووە هەتا دەگاتە مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی دیکەی حیزب لەم ساڵانەدا و تازترین تێرۆرەکان لە هاوینی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستاندا.

حیزبی دێموکرات وێڕای پێشوازی لەو بڕیارە دەخوازێت وڵاتانی ئورووپایی و بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانی سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسن.

## جاوید ڕەحمان: کۆماری ئیسلامی ژێنۆساید و تاوانی دژی مرۆڤایەتیی کردوە

جاوید ڕەحمان، ڕیپۆرتەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران وێڕای مەحکوومکردنی کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی و قەڵاچۆی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ئێران لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا ئەو کارەساتانەی بە ژێنۆساید و تاوان دژی مرۆڤایەتی ناو برد. جاوید ڕەحمان ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ داوای لە کۆمەڵگەی جیهانی کرد بە بڕیار و گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەو جینایەتانەی کردوویەتی وەڵامدەر بکەن و ڕێگە بۆ هەنگاوی بەکردەوە بۆ چالاککردنی میکانیزمەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی خۆش بکەن.

ڕیپۆرتەری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا هەزاران زیندانیی سیاسیی بەبێ دادگایی ئێعدام کردوە و ئەشکەنجەدانی بەندییە سیاسییەکان تا ڕادەی جینایەت دژی مرۆڤایەتی بووە. هەروەها لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زۆر لە زیندانییە سیاسییە ژنەکان پێش ئێعدامکران دەستدرێژیی سێکسییان کراوەتە سەر و بەشی زۆری ئێعدامکراوەکان تازەلاو و تەنانەت منداڵ بوون. جاوید ڕەحمان هەروەها باسی لە سەرکوت و قەڵاچۆی کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ساڵانی سەرەتای سەقامگیریی کۆماری ئیسلامیدا کردوە. ئەو گوتی ئەوانەی لە کۆماری ئیسلامیدا کارەسات و تاوانی دژی مرۆڤایەتییان خوڵقاندوە ئێستاش لە دەسەڵاتدان و کۆمەڵگەی جیهانی نەیتوانیوە یان نایهەوێ لێیان بپرسێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ هەتا ١٣٦١ و لە ماوەی نزیک بە چوارساڵدا لانیکەم لە چواردە ناوچەی کوردستان خەڵکی کۆمەڵکوژ کرد کە بەشێک لەو ناوچانە بریتین لە قارنێ، قەڵاتان، دیلانچەرخ، حەڵبی، کۆیکان، کەرێزەی شکاکان، چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان، گۆڕخانە، ئیندرقاش و وسووکەند، قەرەگوڵ، سەوزی، دێمەسوور، جافرئاوا، مەرجانئاوا، بایزئاوای، سۆڤییان و چەند شوێنێکی دیکە. هەروەها لە ماوەی یەک ڕۆژدا ٥٩ لاوی خەڵکی مەهابادی لە زینداندا بەکۆمەڵ ئێعدام کرد.


**گرینگیی بەشدارینەکردن، پەیام و دەسکەوتەکانی**
عەلی بداغی
٣

**دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ڕێژیمی ئێران**
ئازاد مستۆفی
٤

**شانۆی هەڵبژاردن لە سێبەری "هامستەر"دا**
ڕەزا دانشجوو
٥

**مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان**
مێهدی مێهرپەروەر
٧

**خەڵکی ئێران بەتەنیان**
و: کەماڵ حەسەنپوور
١٠

# بێهوودەیی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا

**ئازا ئازاد**

لەدیمەنی سیاسی جیهانیدا زۆرجار هەڵبژاردن وەک کۆی بەشداریکردنی دیموکراسی و بەردی بناغەی دیموکراسییەکی کارا سەیر دەکرێت. دامودەزگای حکوومەتی سەکۆیەک بۆ هاووڵاتیان دەڕەخسێنێ بۆ دەربڕینی ئیرادەی خۆیان و کاریگەرییان لەسەر حوکمڕانی و لێپرسینەوە لە سەرکردەکان. بەڵام لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکاندا زۆرجار هەڵبژاردن خزمەت بە ئامانجێکی جیاواز دەکات. لەبری ئەوەی کەرەستەی ڕاستەقینەی دیموکراسی بن، دەستکاری دەکرێن و دەکرێنە تەنها شانۆیەک کە ئامانجیان شەرعیەتدان بەدەسەڵات و پرۆژەکردنی وەهمی بەشداریی دیموکراسییە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم نووسینە بەگرنگیدانێکی تایبەت بە ئێران لە بێهوودەیی بەشداریکردن لەمجۆرە هەڵبژاردنە ساختانەدا دەکۆڵێتەوە و سرووشتی هەڵبژاردن و دیموکراسی لەو چوارچێوەیانەدا باس دەکات

## سرووشتی شانۆی هەڵبژاردن

شانۆگەریی هەڵبژاردن لە دەسەڵاتی توتالیتەردا کە بە هەڵبژاردنی ساختە ناسراوە، بە ئەنجامە پێشوەختە دیاریکراوەکان، نەبوونی کێبڕکێی ڕاستەقینە و کۆنترۆڵی بەربڵاوی حکوومەت بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا خۆ دەنوێنێت. لە ڕێژیمە تۆتالیتەرییەکاندا ئەم هەڵبژاردنانە بەوردی ڕێکدەخرێن بۆ ئەوەی حیزب و لایەنی دەسەڵاتدار یان سەرکردە دەسەڵات بپارێزێت و لە هەمانکاتدا ڕووتووشێکی شەرعییەت دابین دەکات. زانایانی سیاسی و کۆمەڵناسەکان دەڵێن ئەم هەڵبژاردنانە ئامرازن بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی تاکڕەوانە بە هاوشێوەکردنی پراکتیزە دیموکراسییەکان، بەبێ ئەوەی دەستبەرداری دەسەڵاتی ڕاستەقینە بن و هەروەها خۆنواندنێکە بۆ کۆتلەگەلی نێودەسەڵات و مامەڵەچییە نێودەوڵەتییەکان.

بەگوتەی ئەندرێاس شیدلێر، زانای سیاسی (١٩٦١-ئاڵمان)، شانۆی هەڵبژاردن چەندین ئەرکی ستراتیژیی بۆ ڕێژیمە تاکڕەوەکان هەیە:

١- شەرعیەتدان: بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن، ڕێژیمەکان هەوڵ دەدەن لەئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا شەرعیەت بە حوکمڕانیی خۆیان بدەن. ئەوان هەوڵ دەدەن ڕواڵەتێکی پشتیوانیی جەماوەری و شەرعییەتی دیموکراسی دروست بکەن.

٢- ڕاکێشانی نەیارەکان: دەتوانرێت هەڵبژاردنەکان بەکاربهێنرێت بۆ هاوکاریکردن و بێلایەنکردنی نەیارەکان بەتێکەڵکردنی تاک یان گرووپە هەڵبژێردراوەکان لە سیستەمی سیاسییدا، بەمەش ئەگەری دژایەتی کەم دەکاتەوە.

٣- کۆکردنەوەی زانیاری: پرۆسەی هەڵبژاردن دەتوانێت ببێتە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر خەڵک و دەستنیشانکردنی ئەگەری هەڕەشەکان و کۆنترۆڵکردن و سەرپەرشتیکردنی بەرهەڵستکاران و دژبەران.

## پێکهاتەی ئێران

ئێران نموونەیەک لە ڕێژیمێکی تۆتالیتەرە کە شانۆی هەڵبژاردن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەکاردەهێنێت. سەرەڕای بوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، سیستمی سیاسی لە ئێراندا بەتوندی لە ژێردەسەڵاتی خامنەیی و ناوەندەکانی تەناهی‌دایە کە زاڵن بە لیڤەرە ڕاستەقینەکانی حکوومەت. ئێران لە ساڵی ١٩٧٩-وە سیستەمێکی سیاسی ئاڵۆزی پەرە پێداوە کە توخمەکانی تیۆکراسی و کۆماریخوازی تێکەڵ دەکات. لە کاتێکدا هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، مەجلیس و شوڕی شارودێ بە بەردەوامی لەوڵاتدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام دەسەڵاتی گشتگیری ئایوتەڵڵا خامنەیی -کە بەدەنگی جەماوەر هەڵنابژێردرێت- لەبنەڕەتدا سرووشتی دیموکراسیی ئەم پرۆسانە تێک دەدات. شوڕی نیگابان کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراوە و لەلایەن خامنەییەوە دیاری دەکرێت، دەسەڵاتی پەسندکردنی پاڵێوراوانی هەیە و زۆرجار ئەو کەسانەی کە بە ڕادەی پێویست ملکەچی خامنەیی نین، بێبەش دەکات.

وەک نموونەیەکی ئەمدواییە، هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٤٠٠ی، ئێران شانۆیەکی هەڵبژاردن بوو. ئیبراهیم ڕەئیسی، پیاوێکی ئایینیی توندڕەو و ملکەچی خامنەیی بوو. لە هەڵبژاردنێکدا کە ڕێژەی دەنگدەران، کەمیی پێوانەیی (لەسەدا سی) و بێبەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پاڵێوراوانی کۆتلەکانیتری پێوە دیار بوو ،ناوبراو وەکو سەرکۆمار، هەڵبژێردرا نا بەڵکوو داندرا. بڕیاری شوڕای نیگابان بۆ قەدەغەکردنی زۆرێک لە پاڵێوراوە دیارەکان بۆ خۆپاڵاوتن، جەختی لەسەر کۆنترۆڵی ڕێژیم بەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و سرووشتی دانان لەجیاتی هەڵبژاردنی پتر دەرخست.

## بێهوودەیی بەشداریکردن

بەشداریکردن لە شانۆگەریی هەڵبژاردن لە ڕێژیمە تۆتالیتەرییەکانی وەک ئێران، زۆربەی جار لەبەر ئەم هۆکارانە بێهوودەیە:

١- ئەنجامی پێشوەختە دیاریکراو: بەگشتیی ئەنجامی ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتدارەوە پێشوەختە دیاری دەکرێت و کردەی دەنگدان دەکاتە فۆرماڵیتە. دەنگدەران کاریگەرییەکی کەمیان لەسەر دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات هەیە.

٢- نەبوونی هەڵبژاردنی ڕاستەقینە: بێبەشکردنی پاڵێوراوانی جیابیر و باڵادەستیی پاڵێوراوانی پەسەندکراوی ڕێژیم، هەڵبژاردنی دەنگدەران سنووردار دەکات. ئەم نەبوونی کێبڕکێی ڕاستەقینە، جەوهەری هەڵبژاردنی دیموکراسی تێک دەدات.

٣- سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن: بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنانەدا دەتوانێت بەبێ مەبەست شەرعیەت بەتاکتیکی سەرکوتگەرانەی دەسەڵات بدات. دەنگدانی هاووڵاتیان بەپشتگیریی لە سیستەمێکی نادادپەروەرانە دەتوانێ پێگەی ئەو کەسانە لاواز بکات کە دەیانەوێ پشتگیری لە گۆڕان بۆ دیموکراسی ڕاستەقینە بکەن.

٤- نواندنێکی نێودەوڵەتی: سەرپەرەشتیکردنی شانۆی هەڵبژاردن تەنانەت ئەگەر ناتەواویش بێت، ڕێژیمەکان دەتوانن ڕواڵەتێکی ڕێکاری دیموکراسی بپارێزن کە دەتوانرێت بۆ لادانی فشار و ڕەخنەی نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێت. بیانوویەک بۆ ئیدیعای پابەندبوون بە نۆرمەکانی دیموکراسی لە کارلێکە دیپلۆماسی و ئابوورییەکاندا دەڕەخسێنێت.

## پاوانخوازیی هەڵبژاردن:

"پاوانخوازیی هەڵبژاردن" چەمکێکە ئەندریاس شیدلەر بۆ وەسفکردنی ئەو دەسەڵاتانە داڕشتوە کە هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ، بەڵام بەشێوەیەکی سیستماتیک بنەما و نۆرمەکانی دیموکراسی پێشێل دەکەن تا ئەو ڕادەیەی کە ئەم هەڵبژاردنانە نابنە هۆی کێبڕکێی سیاسیی ڕاستەقینە یان لێپرسینەوەی حکوومەت. باسی ئەو ڕێژیمانە دەکات کە هەڵبژاردنیان هەیە بەڵام نۆرمەکانی دیموکراسیی سەرەتایی پێشێل دەکەن و هەڵبژاردنەکان لەگەڵ پێوەرەکانی کێبڕکێی ئازاد و دادپەروەرانەدا ناگونجێت. ئەم ڕێژیمانە توخمەکانی پاوانخوازی و دیموکراسی تێکەڵ دەکەن، سیستەمێکی سیاسی تێکەڵاو دروست دەکەن کە هەڵبژاردنەکان مەرجە سەرەتاییەکانی پرۆسەیەکی دیموکراسی تێدا نییە.

## تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پاوانخوازی هەڵبژاردن

هەڵبژاردن لە ڕێژیمە تاکڕەوەکان چەندین تایبەتمەندی جیاواز پیشان دەدات کە جیایان دەکەنەوە لە حکوومەتە دیموکراسییەکان یاخود تەواو تاکڕەوەکان:

**١- ڕکابەریی کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردن:**
لەکاتێکدا هەڵبژاردن بە بەردەوامی بەڕێوە دەچێت، ڕێژیمی دەسەڵاتدار دڵنیایی دەدات لەوەی کێبڕکێی ڕاستەقینە دامرکێنرێت. ئەمەش زۆرجار لەڕێگەی ڕێوشوێنی یاسایی و سەرووی یاساوە مسۆگەر دەبێ کە زیان بە لایەنە دژبەرەکان و پاڵێوراوان دەگەیەنێت.

**٢- دەستکاریکردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا:**
ئەم دەسەڵاتانە تاکتیکی جیاواز بەکار دەهێنن بۆ دەستکاریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. لەوانە ساختەکاری، سەرکوتکردنی دەنگدەران، کڕینی دەنگ، دەستکاریکردنی یاسا و ڕێسا و دامەزراوەکانی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتداردا.

**٣- سنووردارکردنی ئازادییە مەدەنییەکان**
زۆرجار ئازادییە مەدەنییە سەرەتاییەکان وەک ئازادیی گوتار و کۆبوونەوە و کۆمەڵەکان سنووردار دەکرێن. بەزۆری میدیاکان کۆنترۆڵ دەکرێن یان بەتوندی سانسۆر دەکرێن بۆ سنووردارکردنی توانای ئۆپۆزسیۆن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگدەران و کۆکردنەوەی پشتیوانی.

**٤- دەستکاریکردنی دادوەری و هەڵبژاردن:** ئەو دامەزراوانەی بڕیارە سەربەخۆ بن، وەک دەسەڵاتی دادوەری و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، زۆرجار لەلایەن ڕێژیمەوە پاڵپشتی دەکرێن. ئەمەش دڵنیایی دەدات لەوەی کە تەحەدای یاسایی بۆ ساختەکاری یان دەستکاریکردنی هەڵبژاردنەکان بەدووری نازانرێت سەرکەوتوو بن.

**٥- ئەنجامە پێشوەختە دیاریکراوەکان**
تێکەڵکردنی ئەم تاکتیکە دەستکارییانە دڵنیایی دەدات لەوەی کە ئەنجامی هەڵبژاردن پێشبینی دەکرێت و هەمیشە لە بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتدار یان سەرکردەکانی ئێستادایە. ئەم پێشبینیکردنە نیشانەی پاوانخوازیی هەڵبژاردنە.

## نموونەی پاوانخوازیی هەڵبژاردن

چەند وڵاتێک نموونەی چەمکی پاوانخوازیی هەڵبژاردن دەخەنەڕوو:

**١- ڕووسیە:** لە سەردەمی ڤلادیمێر پوتین، ڕووسیە هەڵبژاردنی ئاسایی ئەنجام دەدات بەڵام ئەم هەڵبژاردنانە بەهۆی نارێکی بەرچاو و کۆنترۆڵکردنی میدیاکان و سنووردارکردنی پاڵێوراوانی ئۆپۆزسیۆنەوە، تێک چووە و ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی پارتی دەسەڵاتداری پوتین دەشکێنەوە.

**٢- ڤەنزوێلا:** هەڵبژاردنەکانی سەردەمی هوگۆ چاوێز و نیکۆلاس مادۆرۆی جێنشینی بە تۆمەتی بەربڵاوی ساختەکاری و دەستکاریکردن و سەرکوتکردنی نەیارانی سیاسی تایبەتمەند بووە. پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕێژیم و لەهەمانکاتدا خستنەڕووی وێنەیەکی شەرعییەتی دیموکراسی بەکارهاتووە.

**٣- ئێران:** سیستەمی سیاسیی ئێران هەڵبژاردنی ئاسایی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی بەڕێوە دەبات بەڵام ئەنجوومەنی چاوەدێریی کە دەزگایەکی هەڵنەبژێردراوە، ئەو پاڵێوراوانەی کە بە ڕادەی پێویست ملکەچی خامنەیی نین وەلا دەنرێن و ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە کێبڕکێی سیاسی ڕاستەقینە لە ئێراندا بوونی نییە.

## دەرەنجامەکانی دیموکراسی

پاوانخوازیی هەڵبژاردن تەحەدای بەرچاو بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی ڕاستەقینە دروست دەکات. ئەمەش بنەما سەرەکییە دیموکراسیەکانی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە، فرەیی سیاسی و لێپرسینەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم ڕێژیمانە بە پاراستنی تەڵەی دیموکراسی و لەهەمانکاتدا توخمە جەوهەرییەکانی، توانای چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و بەرەنگاربوونەوەی فشارەکانی چاکسازیی دیموکراسی مانادارییان هەیە.

چەمکی "پاوانخوازیی هەڵبژاردن"ی شیدلێر چوارچێوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن ڕێژیمە تاکڕەوەکانی هاوچەرخ هەڵبژاردن بۆ بەردەوامکردنی خۆیان بەکاردەهێنن. حوکمڕانی ئەوان تیشک دەخاتەسەر پارادۆکسی ئەنجامدانی هەڵبژاردن کە نێوەڕۆکی دیموکراسی ڕاستەقینەی تێدا نییە و ئەو دەستکارییە ستراتیژییە ئاشکرا دەکات کە ئەم ڕێژیمانە بۆ پاراستنی دەسەڵات بەکاریان دەهێنن. دانانن و تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی پاوانخوازیی هەڵبژاردن زۆر گرنگە بۆ هەردوو توێژەران و پراکتیزەکارانی بەرەوپێشبردنی دیموکراسی. چونکە جەخت لەسەر پێویستی ستراتیژییەتی تایبەت دەکاتەوە بۆ پشتگیریکردن لە گەشەسەندنی دیموکراسی لەم جۆرە ژینگانەدا.

لاری دایمۆند، کۆمەڵناسی ئەمەریکی (١٩٥١-٢٠١٤)، جەخت لەسەر گرینگیی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دینامیکی لە تەحەدای ڕێژیمە تاکڕەوەکاندا دەکاتەوە. لەو ژینگەیانەی کە دەستکاری هەڵبژاردن دەکرێت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە داکۆکیکردن بۆ چاکسازیی دیموکراسیی ڕاستەقینە و چاودێریکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ داوای لێپرسینەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

## کاریگەریی چاوەدێرانی نێودەوڵەتی

چاوەدێرانی نێودەوڵەتی دەتوانن یارمەتیدەر بن لە تیشک خستنەسەر ناتەبایی و نارێکییەکان لە شانۆکانی هەڵبژاردندا. ڕاپۆرت و شیکارییەکانیان چێکێکی دەرەکی لەسەر ئیدیعاکانی ڕێژیم بۆ شەرعیەتی دیموکراتیک دەڕەخسێنن و دەتوانن پشتیوانی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ چاکسازییەکانی هەڵبژاردن بەهێزتر بکەن. خۆپیشاندانی هەڵبژاردن لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکانی وەک ئێران لە بنەڕەتدا مەشقێکی کەموکوڕییە کە بۆ پاراستنی وەهمی دیموکراسی و لە هەمانکاتدا چەسپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانە داڕێژراون. زۆرجار بەشداریکردن لەم جۆرە هەڵبژاردنانەدا بێئەنجامە چونکە ئەنجامەکان پێشوەختە دیاریکراون، هەڵبژاردنەکان سنووردارن و پرۆسەکە بەتوندی لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵکراوە.

بۆ ئەوەی گۆڕانی دیموکراسی مانادار ڕوو بدات، گرینگە سنووردارบوونی بەشداریکردن لە شانۆکانی هەڵبژاردندا بناسرێن و هەوڵەکان لەسەر بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، پشتیوانیکردن لە چاکسازییە ڕاستەقینەکانی هەڵبژاردن و پشتیوانیکردن لە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ لێپرسینەوە لە ڕێژیمەکان چڕ بکرێتەوە. لە ئێراندا ڕێگەی گەیشتن بە دیموکراسی ڕاستەقینە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ساختەدا نییە بەڵکو هەوڵ بۆ گۆڕانی بنەڕەتییە لە سیاسەت و کولتووردا کە هاووڵاتیان بەهێز بکات و دەسەڵاتی دیموکراسی ڕاستەقینە گەرەنتی بکات و بەردەوامیی پێ بدات.

## وێستگە

# ڕیفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ


ئاسۆ مینەبەری

دوابەدوای کەوتنەخوارەوەی هێلیکۆپتێرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆمار و ٧ کەسی دیکە لە بەرپرسانی ڕێژیم لە دوانیوەڕی ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی بانەمەڕی ئەمساڵدا، بڕیار درا لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕدا شانۆیەکی دیکە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێی ڕێژیم بەڕێوە بچێت. لە ماوەی ڕابردووشدا کۆمەڵێک کەس بۆ ئەم پۆستە خۆیان بەربژێر کرد و لە کۆتاییدا ٦ کەسیان لەلایەن شۆڕای نیگابانەوە تەئیدی سەڵاحییەت کران و لەم شانۆیەدا بڕیارە دەنگیان بۆ وەربگیرێ. خۆپاڵاوتنی چەند ژن بۆ ئەم پۆستە یەکێک لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان بوو، چونکە ئەم بەربژێربوونە لە خودی خۆیدا کارێکی بێهوودە بوو بە ئاکامێکی دیارەوە؛ هەر بەپێی یاسای بنەڕەتیی خودی ڕێژیم تەنیا ڕەجاڵ (پیاوان)ی سیاسی دەتوانن ببنە سەرۆککۆمار و بەربژێربوونی ئەم چەند ژنەش تەنیا گاڵتەجاڕییەک بوو کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە چوو تاکوو بە خەیاڵی خۆی خەڵک فریو بدات و باس لە کراوەبوونی دەسەڵاتەکەی و ڕۆڵ و پێگەی ژنان لەم دەسەڵاتەدا بکات.

بەم پێشەکییەوە دەچمە سەر بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە، ئەویش تەئییدی سەڵاحیەتی یەک کەسی بەڕواڵەت ڕیفۆرمخواز و ٥ کەسی بناژۆخوازە لەلایەن شورای نیگابانی ڕێژیمەوە. ئەم جۆرە لە چنینی مۆرەکان لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێ ئاوا خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە مەسعوود پزشکیان تەنیا بەربژێری ڕیفۆرمخوازی ئەم دەورە لە هەڵبژاردنەکان، ئەویش ڕێک دوابەدوای ڕووداوە گرینگەکانی سەردەمی سەرۆککۆماریی ئیبراهیم ڕەئیسیی جەلاد و هاتنەئارای بزووتنەوەی ژینا، بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە.

هەمووومان دەزانین کە شۆڕشی ژینا باسی لە گۆڕان ئەکرد، ئەو کەسانەی لەم شۆڕشەدا شەهید و بریندار بوون هەموویان هیوایان بە ڕووخان و گۆڕانی ئەم ڕێژیمە بوو، کەوابوو ڕێژیم بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٤٠١ پێی وایە بە تێکدانی باڵانسەکە و تەئییدی سەڵاحییەتی ڕیفۆرمخوازێک دەتوانێ زۆرینەی کۆمەڵگە بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەوەی کە لێرەدا گرینگە، ئەوەیە خودی مەسعوود پزشکیانیش چەندین جار تاکوو ئێستا پەرژاوەتە سەر پرسی حیجاب و باسی لێ کردوە. بۆ نموونە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە کۆڕی ژنانی لایەنگری خۆیدا و لە کاتی پڕوپاگەندە بۆ شانۆی هەڵبژاردنەکاندا باسی لە پرسی حیجاب کرد و گوتی: "ئێمە ٤٠ ساڵە دەستێوەردان لەم پرسەدا دەکەین و دەمانەوێ بیسەپێنین، ئەو پیاوانەی کە خەریکی پەرەدان بە گەڵاڵەی نوورن بڵێن ئایا ئەم دۆخە ئێمە دەگەیەنێت بە ڕووناکی؟ تاوانی ئێمەیە کە خەریکین خەڵک لە دین دوور دەکەینەوە!" ئەو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا گوتی "ئەوەی کە دەبێ لێی بدرێ ئێمەین، کچەکانمان کێشەیەکیان لەگەڵ باوەڕەکانی ئێمە نییە"!

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی جۆزەردانیش لە کۆبوونەوەی پرسیار و وەڵامی خوێندکارانی زانکۆی فەنیی تاران، وێڕای ئەوەی کە گوتی بەرەوپێشچوون بە مەبەستی نەهێشتنی پرسی حیجابی زۆرەملێ جێبەجێ نابێ، بانگەشەی ئەوەی کرد هەوڵ دەدات پێش بە گەشتەکانی ئێرشاد و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ژنان بگرێت. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا پزشکیان ڕوو لە خوێندکاران و لاوان ڕایگەیاند: من باوەڕم بە ڕێبەر هەیە، مافی ئەوەتان نییە کە بێڕێزی بە کەسێک بکەن کە من باوەڕم پێیەتی.

لێکدانەوەیەکی ئەم قسانە دەتوانێ ئەم ئاکامە بەدەستەوە بدات کە پزشکیان تەنیا کاری لەم قۆناغەدا ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان و پێداگری لەسەر پێگەی خامنەییە. بەو واتایە کە لەلایەکەوە بە باسکردن لە پرسی حیجاب و هەندێ ماف و ئازادییە زەوتکراوەکان سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشی و لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر پێگە و دەسەڵاتی خامنەیی وەکوو کەسی یەکەمی ئەو دەسەڵاتە بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ناوی خۆی لە سندووقەکە نەیەتە دەرەوە! لە ڕاستیدا باسکردنی پزشکیان لە پرسەکانی ژنان و بەتایبەت پرسی حیجاب دەکرێ لە دوو لایەنەوە سەرنجی بدرێت، یەکەم ئەوەی کە لە بزووتنەوەی ژینادا ـ بە پێچەوانەی کوردستان ـ پرسی سەرەکیی ژنانی ناوەند هەر پرسی حیجاب بوو، کەوابوو ئەمە ڕێکارێک بۆ ڕاکێشانی ژنان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بە هیوای نەهێشتنی حیجابە؛ دووهەم، ئەوەی کە پزشکیان وەک تاکە بەربژێری ڕیفۆرمخواز وا بنوێنێ کە بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە ڕیفۆرم هەڵدەگرێ و کێبڕکێ و یارییەکە هەر بە قازانجی ڕێژیم بشکێتەوە و بە پڕوپاگەندە بۆ ڕیفۆرمخوازێکی گوێڕایەڵ، ڕێژیم بە ئامانجی خۆی کە بەڕێوەبردنی شکۆمەندانەی شانۆی هەڵبژاردنە بگات.

ئەزموونی ٤٥ ساڵی ڕابردوو، سەلماندوویەتی کە ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان و بەتایبەت کوردستان هیچکات پرسی خۆیان لە پرسی نەتەوەیی بە جیا نەزانیوە و بەردەوام هەنگاوەکانیان لەم ڕاستایەدا هاتەریب بووە، کەوابوو هەزاران وادە و بەڵێنی وەکوو ئەمانەی کە پزشکیان باسیان دەکات و بەربژێربوونی دەیان کەسی ڕیفۆرمخوازی دیکەش ناتوانێ ڕوانگەیان بگۆڕێ و باش دەزانن کە دوژمنی ژیان و شوناسیان هەر خودی ئەم دەسەڵاتەیە. هەروەها هەبوونی دەیان کەسی ڕیفۆرمخوازی گوێڕایەڵی خامنەیی، وەک پزشکیان هیچ لە پرسی سەرەکی کە تاوانباربوونی ئەو ڕێژیمەیە ناگۆڕێ و لای خەڵک ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز جیاوازییان نییە چونکە پێکهێنەری ئەو ڕێژیمەن و لە هەر حاڵەتێکدا هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم دەدەن و دەیانەوێ پێگەی خۆیان ڕابگرن.

لەم شانۆیەدا ئەرکی ئەخلاقیی تاکەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە بە بایکۆتکردن، شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم وەک شانۆکەی ١١ی ڕەشەمە، تووشی شکستێکی گەورە بکەن.

